
Kurdistannet کوردستان نێت

# سەربەخۆیی لەنێوان ئیستهلاکی محلی وداخوازی خەڵکی کوردستاندا.



هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردەکانی سەرتاسەری 30-1-2005دا بۆئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق ، ڕێژەی 90%لەخەڵکی کوردستان دەنگی بۆسەربەخۆیی وجیابونەوەدا ئەوەش مانای ڕازی نەبونەلەبەرامبەر بەعێراقی کردنی کوردستان ، ئەم ڕێژەیەلەدەنگ وداخوازی خەڵك لەهەروڵاتێکی دیموکراسی ولەدەنگدان وئیستفتایەکی ئەوتۆدا ، ئەتوانێت سیستمی دەسەڵات ودەستورو یاســاوپارلەمانیش بگۆڕێت .

لەهەمو بنکەکانی دەنگدان لەسەرتاسەری کوردستاندا ، سندوقێکی تایبەت بەڕاپرسی بۆسەربەخۆیی کوردستان دانرابو ، وە ڕێژەی 90%لەخەڵکی کوردستان دەنگیان بەسەربەخۆیی دا ، بەپێی ئەم ڕێژەیەئەوڕاستی یەدەردەکەوێت کەسەرجەم کادروئەندامانی حیزبەدەسەڵاتدارەکانی کوردستانیش دەنگی خۆیان خستۆتەپاڵ دەنگی خەڵك بۆسەربەخۆیی کوردستان ، وەئەنجامی ڕاپرسی یەکەش لەتەواوی کەناڵەڕەسمیەکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاوکرایەوە ، لەگەڵ ئەوەشداڕابەرایەتی سیاسی لەکوردستان هەرسورەلەسەرسیاسەتی ڕوبەدەرەوەی خۆی سەبارەت بەڕەواج پێدانی مەیل وگرایشی مانەوەلەچوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتو ویەکپارچەدا ، حیزبەدەسەڵاتدارەکانی کوردستان پرس بەخەڵك دەکەن وبەقسەشــیان ناکەن .

بەڕێز {مام جلال } لەچاوپێ کەوتنێکیدابۆکەناڵی تەلەفزیۆنی العالم سەبارەت بەو دەنگدانە وتی { ئەوە ئیستهلاکی محلیەوئێمەلەگەڵێدانین} ، شــان خاڵی کردنەوە لەژێرباری مەسئولیەتی داخوازی سەرجەم خەڵکی کوردستان بۆسەربەخۆیی وڕێزنە گرتن لەئەنجامەکانی ئەوڕاپرسی یە ، ئەگەرئەوە ســیاسەتی ڕوبەدەرەوەوتاکتیکیش بێت لەبەرامبەربەسەرنج وڕای گشتی ئیقلیمی وجیهانی سەبارەت بەحەســاسیەتی ئەم مەتڵەبەی خەڵکی کوردستان لەم قۆناغەدا ، ئەم هەڵوێستەڕەنگدانەوەیەکی نێگەتیفانەی هەیەبۆسەرهەست ونەستی خەڵك ولەڕاستگۆیی ومیصداقیەتی پرۆسەی ڕیفراندۆم سەبارەت بەئیحترام وڕێزگرتن لەڕاپرسی ودەنگی خەڵك کەم دەکاتەوە ، بەدەرلەوەی کەبەنیشاندانی هەڵوێستێکی لەوجۆرە جگەلەخۆیان ناتوانن قەناعەت بەهیچ کەسێکی ســیاسی بکەن کەبزوتنەوەی ڕیفراندۆم وپرۆسەی ئەوڕاپرسی یە لەژێرچاوەدێری وکاریگەری ڕاستەوخۆی حیزبەدەسەڵاتدارەکانی کوردستاندانیە و بەری ڕۆژ بەبێژنگ ناگیرێ ، نەك هەربزوتنەوەی ڕیفراندۆم بەڵکولەکوردستان سەرجەم ڕێکخراوەجەماوەریەکانیش لەنمونەی یەکێتی ماموستایان وخوێندکاران و قوتابیان وسەندیکای ئەندازیاران وپارێزەران وکرێکاران وهەمورێکخراوە پیشەییەکانی تریش لەنێوان حیزبەکاندا دابەشکراون وڕاستەوخۆبونەتەپاشکۆی حیزبەکان .

بزوتنەوەی ڕیفراندۆم پەیام وئامانجێکی سیاسی پێ یەوئەم پرۆسەیەڕاستەوخۆتەعبیرلەویست وئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان دەکات ، دەنگدانی خەڵکی کوردستان بەڕێژەی 90%بۆسەر بەخۆیی خۆی لەخۆیدائەوەمەتڵەبێکی ســیاسی یەبەرەوجیابونەوەوپێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆلەکوردستان وخودی پرۆسەکەش بەپشتیوانی ڕاستەوخۆیی حیزبەدەسەڵاتدارەکانی کوردستان ئەنجام دراوە وهەمودنیاش ئەوڕاستی یەدەزانێت .

ڕیفراندۆم وڕاپرسی سەبارەت بەچارەسەری کێشەی کوردوبڕیاردان لەسەرچارەنوسی سیاسی کوردستان مافێکی ڕەواوسەرەتایی وداخوازیەکی شارستانیانە ، پێویستەحیزبەدەسەڵاتدارەکانی کوردستان بەبێ دوودڵی وبەئاشکراو ڕاستەوخۆپشتیوانی لێ بکەن وئەنجامەکانی ئەوڕاپرسی یەگشتی یەبکەنەسەرمایەوبەڵگەنامەیەکی سیاسی مێژویی ، وەك داخوازی وئیرادەی سیاسی سەرتاسەری خەڵکی کوردستان لەهەرکۆڕوکۆمەڵ ومحافلێکی نێودەوڵەتی نیشانی بدەن وبیبەنەپێشەوە .

سیاسەتی دولایەنی ونارۆشنی حیزبەدەسەڵاتدارەکانی کوردستان سەبارەت بەپرۆسەی ڕیفراندۆم وبێ ئیعتبارکردنی ئەنجامەکانی ، قسەکانی بەڕێزمام جلال پشتڕاست دەکاتەوە کەدەڵێت ، داخوازی سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان ئیستهلاکی محلیە ، وە ئەوان بزوتنەوەی ڕیفراندۆم تەنهاوەك وەرەقەیەکی فشاری سیاسی دەبینن ولەکاتی پێویستدابەکاری دەهێنن لەبەرامبەربەڕەقیبەکانی خۆیان لەعێراقدا ، وەنایانەوێت وەیان لەبەرژەوەدیان دانیەبەئاشکراپشتیوانی ڕاستەقینەی خۆیان لەجیابونەوەوپێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆلەکوردستان نیشان بدەن ، سیاسەت وهەڵوێستی سوربون لەسەر بەعێراقی کردنی کێشەی خەڵکی کوردستان لەئەنجامی ناکامڵی ڕیزبەندی تەبەقاتی وبێ توانایی بۆرژوازی نیشتیمانی یەوەسەرچاوەدەگرێت ، چینی بۆرژوازی کوردی تائێســـتاش گرایشی عێراقچێتی هەیەو بەرژەوەندی خۆی لەعێراقێکی یەکگرتو ویەکپارچەدائەبینێتەوە .

لەسەردەمێکی وەك ئەمڕۆداکەدەسەڵاتی دیکتاتۆری ڕوخاوە وعێراق ولاتێکی بێ دەوڵەت وبێ یاساو بێ چەك ولاوازە و هێزەسیاسی یەکانی کوردستانیش لەهەموفۆناغەکانی ڕابوردو ڕێکخراوتروبەتواناترن ، وە بەهۆی چەق بونەوەی سیاسەت وبەرنامەی ئەمریکاسەبارەت بەدیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، ئەمڕۆلەبارترین وگونجاوترین هەل ومەرجی سیاسی هاتۆتە پێشەوەبۆنیشان دانی ویست وئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردردســـتان لەڕێگای ڕیفڕاندۆم وراپرسی یەکی گشتی یەوە ، ئەگەرلەڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا خۆتان لەژێرفشاروهەڕەشەی دەوڵەتانی ناوچەکەدادەبیننەوەوئەم هەل ومەرجەبەگونجاو ولەبارنابینن ، دوای ئەوەی کەدەوڵەت وياسالەم ولاتەداجێگیروئاســـایی دەبێتەوەولەڕێگای حیلەشەرعی دیموکراسی یانەوەوبەدەنگی زۆرینەی خەڵکی عێراق لەڕێگای ڕاپرسی ودەنگدانی سەرتاسەری یەوە .

چارەسەری کێشەی خەڵکی کوردوچارەنووسی سیاسی کوردستان دەکەوێتەبەردەم قەزاوقەدەرێکی نادیاروپەراوێزی ئاڵوگۆڕەسیاسی یەکانەوە لەعێراقی ئایندەدا ، لەوکاتەدابۆدەیان ســاڵی ترئەم هەل ومەرجەگونجاولەبارەلەدەست خەڵکی کوردستان دەچێت ومێژوجارێکی تروەك خۆی دوبارەنابێتەوە ، هەموئەوڕێککەوتن وسەنەدوبەڵگەنامانەش کەهەیەودەبێت ، لەدوای یەکەم بڕیاری ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق سەبارەت بەموصـــادەقەی دەستوری هەمیشەیی وپێکهێنانی دەوڵەتی نوێی عێراق هەڵ دەوەشێنەوەوئیعتباری سیاسی وياســـایی خۆیان لەدەست ئەدەن جگەلەوخاڵانەی کەلەدەستوری هەمیشەییداجێگیردەبن وبەڕێگای یاسایی دەچەسپێندرێن ، لەکاتێکی ئاواداولەدوای ئەوەکەدەستمان لەبنی هەمانەکەوە دەرچو ، تازەگەڕانەوە بۆ بڕیاری پارلەمانی کوردستان وەك {دکتۆربەرهەم صـــاڵح } لەم دوایانەدا ئاماژەی بۆدەکات وهەروەهاگەڕانەوە بۆڕای گشتی بەفریای فرسەتی لەدەست چوی خەڵکی کوردستان ناکەوێت .

ئەنجام دانی ڕیفڕاندۆم وراپرسی گشتی بەشێوەیەکی ڕەسمی وعادیلانەکێشەی کوردلەبەرزترین ئاستداتەرح دەکات ودەییاتە پێشەوەولەســـازش وسەوداکاری ڕزگاری دەکات و کۆتایی یەکـــجاری بەچەوساندنەوەونایەکســـانی قەومی دێنێ لەکوردستان .

ئەبوبکر ئەحمەد سڵێمان
2005-4-1 هۆڵـــــندا